پشوا هورامانی: هرشی تیرۆریستی سەر کۆگای غازیی کەرمەر کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک دەبێت

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لێبارەی هەرشەکردنە سەر کۆگای غازیی کەرمەر بڵاوکردەوە و ئاماژەی بۆکردووە: ئێم هەرشە تیرۆریستییە بە سەر ژێرخانێکی گرنگی وەک کارەبا کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ژیانی خەڵک و ئیش و کاروباری ڕۆژانەیان.

ڕۆژی هەینی (26ـی کانوونی دووەمی 2024) پشوا هورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لێبارەی هەرشکردنە سەر کۆگای غازیی کەرمەر بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە: "شوێی رابردوو هەرشەکی تیرۆریستی کرایە سەر کۆگای غازیی کەرمەر لە سنووری چەمچەماڵ و ئێنجامەکەی نەمانی کارەبای هاونیشتیمانییانی هەرێمی کوردستان بوو".

پشوا هورامانی رایگەیاندووە: ئێم هەرشە تیرۆریستییە بە سەر ژێرخانێکی گرنگی وەک کارەبا کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ژیانی خەڵک و ئیش و کاروباری ڕۆژانەیان.

هاوکات پشوا هورامانی جەختیکردووەتەوە: ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکارین هەموو لایەک

هاوکاری لیژنەی حکومەتی فیدراڵی بکەن بە دەزینەوە و دەستگیرکردنی تیرۆریستان و سزادانییان و ڕەگری لە دووبارەبوونەوەی کردەوەی هاوشێوە.